# هەواڵ هەواڵ

## کچێک دەسووتێ

ڕۆژی ١-٥-٢٠٠٧ کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵ ، بەناوی (ن.ش) دانیشتووی گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لەگەڵ دایکی بەشەڕ دێ و خۆی دەسووتێنێ. زانیاریەکان وا رادەگەیەنن کە ئەو کچە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبووە، کوڕەکە بە نیازبووە بنێرێتە داخوازی بەڵام دایکی ناڕازی بووەو ڕەتی کردۆتەوە، بەوهۆیەوە کێشەو دەمەقاڵێ لەنێوان دایک و کچەکەی دروست دەبێ، کچەکە لە داخانا پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات و خۆی دەسووتێنێ. ئێستا کێشەی خۆسووتاندنی ژنان و کچانی کوردستان هەڕەشەیەکی ئاشکرای لەسەر کۆمەڵگە دروست کردووە، ئەرکی دەستەڵاتە کە چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە.

## کتێبخانەی ڕانیە لەبەر کێماسی دادەخرێ

بەهۆی دابین نەکردنی کەل و پەلی پێویست لە نۆژەن کردنەوەی کتێبخانەی گشتی ڕانیە دا پرۆسەی نۆژەن کردنەوە پەکی کەوتووە. بەگوێرەی زانیاریەکان نزیکەی هەشت مانگ دەبێ کە رادەستی بەرێوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتی کراوەتەوەو لەچاوەڕوانی بڕیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕاوەستاون،بەڵام لەژێر پاساوی تەسدیق نەکردنی بودجەی ٢٠٠٧ ڕاگیراوە.ڕۆشنبیرانی دەڤەری ڕانیە لە ڕەفتاری بەرپرسان نیگەان و دڵتەنگن، دەخوازن لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاوڕێک لەداخوازیەکەیان بدەنەوەو کێماسیەکانی کتێبخانەی گشتی چارەسەر بکرێن .

## وڵاتیەک لە کێوە ڕەش بەردەبێتەوە

ڕۆژی ٢٤-٤-٢٠٠٧ لەبەرزاییەکانی چیای کێوەڕەشی نزیک شاری ڕانیە دا کەسێک بەناوی (ڕێبەر) لەکاتی بەسەر کەوتندا لە بەرزایی شاخەکە هەڵدەدێرێ و بەردەبێتەوە و بەسەختی بریندار دەبێ، ئەگەرچی ناوبراو ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە بەڵام گیانی لە مەترسی دایە.

## تراکتۆرێک وەردەگەڕێ و دوو کەس دەمرن

ڕۆژی ٢٩-٤-٢٠٠٧ تراکتۆرێکی گوندیەکان وەردەگەڕێ، بەوهۆیەوە ژن و پیاوێکی خەڵکی گوندی دۆڵی سەرکەپکان بەناوەکانی (ع) و (م) گیان لەدەست دەدەن.ئەوەی شیاوی باسە ماوەیەکە بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمۆبێل و خراپی ڕێگەوبان وڵاتیان زیانیان پێدەکەوێ، خەڵک لایەنە پەیوەندیدارەکان بە کەمتەرخەم دەزانن و گلەییان لێدەکەن، لەو پێوەندی کارەساتی ئۆتۆمۆبێل دا دانیشتووانی دەڤەری ڕانیەو بێتوێن دەخوازن کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نزکەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئاکامی وەرگەڕان و تامپۆنەکاندا بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە .

## ماڵێک دەسووتێ

ڕۆژی ٢٦-٤-٢٠٠٧ بەهۆی شۆرتی کارەباوە ماڵ وڵاتی مستەفا سۆفی قادر ، دانیشتووی گوندی فاتاوەی سەر بەناحیەی باسرمە گڕی تێبەردەبێ و دەسووتێ.شیاوی باسە بەهۆی ئەو شۆرتەوە زیانکی گەورە بە ماڵەکەی گەیشتووە، زۆربەی کەل و پەلەکانیان سووتاوە، تەنانەت خۆیشی بەسەختی بریندار بووەو ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە .

## نەخۆشی ئاژەڵ باڵەکایەتی هەراسان دەکات

ڕۆژی ٢٦-٢٧/٤/ ٢٠٠٧ لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تەبەق نزیکەی سەد ئاژەڵ دەمرن. زانیاریەکان دووپات دەکەنەوە کە لەگوندەکانی دەڤەری باڵەکایەتی نەوەد و پێنج سەر ئاژەڵ مردار بوونەتەوە، بەوهۆیەشەوە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لەنێو دانیشتووانی دەڤەری باڵەکایەتی پەرەی سەندووە، ئەون لە سەروەت و سامانی خۆیان نیگەرانن. هەر لەوپێوەندیەدا ڕەخنە لە دەزگەی بەیتەریەی چۆمان دەگرن و ئەوان بە کەمتەرخەم دادەنێن چونکە هەوڵی چارەسەرکردنی ئاژەڵەکانیان نەداوە و ڕێگریان لە نەخۆشیەکە نەکردووە !!

## دزی لەماڵێک دەکرێ

شەوی ٢٠٠٧/٤/٢٩ لەگەڕەکی جافەکان لەئۆردوگای پیرەمەگروونی سەر بەناحیەی سورداش-دوکان دز دەچێتە سەر ماڵی (مەلا لەتیف قادر) بڕی نۆ ملیۆن دینارو پازدە مسقاڵ زێری لێ دەدزن .زانیاریەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە هەرچەندە کە بنکەی ئاسایش تەنیا چەند مەترێک لەو ماڵە دوورە کەچی دز چۆتە ماڵەکەیان و دەرگەکانیان شکاندووە .

## بەساڵاچووێک بریندار دەبێ

کاتژمێر ١٠ی ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٢ لەگەڕەکی ئازادی ڕانیە، لەکاتێدا هاوڵاتی (سەلیم عادل) تەمەن شەست و پێنج ساڵ دەیەوێ بۆ ئەو بەری شەقامەکە بپەڕێتەوە شۆفێرێک ئۆتۆمۆبیلەکەی بۆ کۆنترۆڵ ناکری خۆی پێدادەدا.ئەوانەی ڕووداوەکەیان بینیووە دوپات لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لەبەر خێرا لێخوڕین شۆفێرەکە بۆی کۆنترۆڵ نەکراوەو ئەو پیرەمێردەی شێلاوە.ئەوەی شیاوی باسە لەو ڕووداوەدا کەسی ناوبراو بەسەختی برینداری بووەو ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕانیە کراوە، شۆفێرەکەش دەستگیر کراوە. پۆلیس پەروەندی تایبەتی سەبارەت بەو کێشەیە کردۆتەوە.

# لێکۆڵینەوە لە سنووری حاجی ئۆمەران دەکرێ

ڕۆژی ٢١-٤-٢٠٠٧ لیژنەیەکی تایبەت پێکهاتوو لە شارەزایانی ئێرانی سەردانی مەرزی حاجی ئۆمەرانیان کردووە.

زانیاریەکان وا ڕادەگەیەنن کە بەمەبەستی چاوخشاندنەوە بەسنووری ڕەسمی و نێوان عێراق و ئێران لیژنەکە پێکهاتووەو سەردانی مەیدانیان کردووە.

ئەوەی شیاوی باسە ساڵی ١٩٧٥ ڕژێمی بەعس ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ڕژێمی شاهەنشاهی ئیمزاکرد، بە پێی ئەو ڕێککەوتنە بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان دەخرێتە سەر سنووری کوردستانی ئێران، بەڵام بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنەدا شەڕێکی هەشت ساڵە لەنێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران ڕوویداو ملیۆنێک مرۆڤ بوونە قوچی قوربانی، ئێستا کە هەردوو حکومەتی سەدام و شاهەنشا نەماون، باوەڕ ناکرێ ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێ و سنووری دیاریکراو دەست کاری بکرێ .

# منداڵێک لەبەردەرگەی ماڵی خۆیاندا دەکوژرێ




ڕۆژی ١-٥-٢٠٠٧ لە ڕۆژی جیهانی کرێکاراندا منداڵێکی کوردی تەمەن یازدە ساڵە بە ناوی ( م. ل. م) دانیشتووی گەڕەکی نەینەوای ڕۆژهەڵات لە نزیک ماڵی خۆیانەوە بەهۆت تەقەکردن لە پۆلیسێکەوە دەکوژرێ .

زانیاریەکان واڕادەگەیەنن ئەو کاتە منداڵەکە لە دوکانێکی نزیک ماڵەکەیان دەگەڕایەوە، پۆلیسێکیش بەجلی ڕەسمیەوە لەوێ تێپەڕدەبوو، دوو کەسی نەناسراو دەستڕێژیان لە پۆلیسەکەکرد، منداڵەکە بەرکەوت و و گیانی لەدەست دەدا.

# کۆمیتەی هاوبەش مەراسیمی ١ی ئایار بەڕێوە دەبا

لە پێوەندی یەکی ئایار جەژنی کرێکارانی جیهان کاژمێر ١٧,٣٠ی ڕۆژی ٢-٥-٢٠٠٧ لە سەر سەکۆی ئازادی پارکی ئازادی شاری سلێمانی مەراسیمێکی ساز کرد. سەرەتای مەراسیمەکە بەدروشمی ئینتەرناسیۆنال دەستی پێکرد، پاشان وتاری کۆمیتەی هاوبەشی مەراسیمی ١ی ئایار لەلایەن هاوڕێ (محەمەد پشدەری) سکرتێری پارتی چەپی کوردستان خوێندرایەوە، دواتر بروسکەی پیرۆزبایی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کە بۆ مەراسیمەکە بەڕێ کرابوون، خوێندرایەوە.لە برگەکانی کۆتاییدا چەندین گۆرانی و هۆنراوە پێشکەش کرانئەوەی شیاوی باسە پەیامی پیرۆزبایی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان لەلایەب هەڤاڵ عومەر حەسەن کارگێڕی مەکتەبی سیاسی خوێندرایەوەمەراسیمەکەش لەنێو حەماسەتی ئامادەبوواندا بە ئامادەبوونی پەیامنێری چەندین کەناڵی ڕاگەیاندن بەڕێوەچوو.

کۆمیتەی هاوبەمەراسیمی ١ی ئایار لەم لایەنانە پێک هاتبوو:

حزبی ڕزگاری کوردستان
حزبی دیموکراسیخوازان
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
یەکێتی
کۆمۆنیستەکانیکوردستن
پارتی چەپی کوردستان
چەندین کەسایەتی سەربەخۆ

# سێ کەس دەسووتێن

ڕۆژی ٢٥-٤-٢٠٠٧ کچێکی تەمەن هەژدە ساڵ بەناوی (س.ع) دانیشتووی گەڕەکی ئازادی شاری ڕانیە لەداخی ئەوەی خۆشەویستەکەی کچێکی تری خواستووە و ئەوی فەرامۆش کردووە، ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات خۆی دەسووتێنێ. هەروەها ڕۆژی ٢-٥-٢٠٠٧ ژنێکی تەمەن ١٩ ساڵ بە ناوی( پ.ر.ع) لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر ئاگری خۆی بەرداوەو خۆت سووتاندووەبە گوێرەی قسەی ژنەکە، ڕەفتاری مێردەکەی کە ئامۆزای خۆیەتی لەبەرانبەریدا خراپەو ڕۆژانە سوکایەتی پێدەکاتلەو پێوەندیەدا سکاڵای لەدژی مێردەکەی و خەسووەکەی تۆمارکردووەو ئەوانی بە هۆکاری خۆسووتاندن تۆمەتبار کردووە، بەڵام ئەوان ئەو تۆمەتە ڕەت دەکەنەوەو خۆی بە تۆمەتبار دەزانن، چونکە لە خۆڕاوە ئەو کارەی کردووە.

لەلایەکی دیکەوە زانراوە کە ڕۆژی 4-٥-٢٠٠٧ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی ژنێک بە ناوی (ش.ق) ئاگر لەخۆی بەردەدات و خۆی دەسووتێنێ.

ئەو ژنە تەمەنی ٢٧ ساڵانە و هیچ منداڵی نیە، بەڵام کێشەی خێزانی لەگەڵ شووەکەی هەیەو لە داخانا پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە.



# هەواڵی سەرنجڕاکێش



## نرخی سیسرکەی زیندوو بە٢٥ سەنت دیاری دەکرێ

مۆزەخانەی زانستی سروشتی هۆستۆنی ئەمریکا بەمەبەستی پێشانگەیەکی زیندوو ئامادەکاری بۆ کڕینی سیسرکەی زیندوو دەکات. بەوهۆیەوە ڕایگەیاندووە هەر سیسرکەیەکی زیندوو بە ٢٥ سەنت دەکڕێ و لەسەرەتاشدا هەزار سیسرکە دەکڕێ . ئەوانەی دەیانەوەی سیسرکە بفرۆشن دەتوانن ڕۆژی سێ شەممە سەردانی مۆزەخانەی باوبراو بکەن و سیسرکەکانیان پێشان بدن . پێشتر مۆزەخانەکە دەیان قالۆچەی کڕی بوو، نرخی هەر قالۆچەیەکیش بلیتی سەیرکردنی پێشانگەکە بوو !

## بەرخێکی ٥ قاچ لە دایک دەبێ

ڕۆژنامەی ئازادیا وەلات کە لە شاری دیاربەکرد بە کوردی بڵاو دەبێتەوە: سێ مانگ لەمەوبەر لەگوندی باگۆزو بەرخێکی پێنج لاق لەدایک بووە، تا ئێستا لە ژیاندایەو ڕەوشی تەندروستیشی زۆر باشە.خاوەنی بەرخەکە ناوی ئیدریس یلدزە وموختاری گوندی باگۆزوە، بە پەیامنێری ئازادیا وڵاتی ڕاگەیاندووە، سەرەتا ویستمان قاچە زیادەکەی ببڕینەوە، بەڵام دواتر بینیمان هیچ گرفتی نیە، وازمان لێهێنا.زانیاریەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە خەڵکی گوندەکانی دەڤەرەکە بۆ تەماشاکردنی بەرخەکە سەردانی گوندی باگۆزو دەکەن، ئەوەی دەیبینێ پێی سەرسام دەبێ و خۆشی دەوێت.



# هەواڵی سەیر

* ڕۆژی ٣٠-٤-٢٠٠٧ لەکاتی تەواو بوونی نوێژی عەسر لەمزگەوتی گەورەی چەمچەماڵ، پیاوێک دەڵێ" خەڵکینە کڵاشەکەم دزراوە، تکایە سەیربکەن بزانن کەس لێی نەگۆڕاوە؟! یەکێک وەڵامی دەداتەوەو دەڵی: کاکە گیان تازە دەستی لێ بشۆ! بەخوا ئیسلام دزیویەتی. گەنجێکی ڕیش تەنک دەچێتە گژ پیاوەکەوەو دەڵێ: تۆ عەیب ناکەیت وا دەڵێیت ؟؟ ئەمیش دەڵێ: باشە برا گیان جگە لەموسڵمان ئایا یەهودی دێتە مزگەوت؟ لەسەر ئەوە دەبێتە شەڕیان و خەڵک دەکەوێتە ناوبژیان و کڵاشەکەی کابرایان هەر لەبیر دەچێتەوە.

* شەوی ٢٩-٢٠٠٧/٤/٣٠ لەگەڕەکی قادسسیەی شاری کەرکوک دز دەچێتە ماڵێک، خاوەن ماڵەکە لێیان دێتە دەست و تەقەیان لێ دەکات، یەکێک لەدزەکان لەسەربانەوە خۆی فرێ دەداتە ماڵە دراوسێکەیانەوە و ئاگای لەخۆی نامێنێ، دەکەوێتە سەر دارێکی ناو باخچەکەو لقە دارێک لە سکی ڕادەچێ و دەیکوژێ. دواتر ئاشکرا دەبێت کە ئەوە خۆی پۆلیسەو ناوی (ڕضوان کاضم)ە و ئێستا خاوەن ماڵەکە زیندانی کراوە لەسەر ئەوەی پۆلیسێکی کوشتووە لەکاتی واجبدا.

* دوای ئەوەی کە بڕیاری دروست کردنی تۆڕێکی ئاو خواردنەوەی گەورە پەسەند کرا لە وەزارەتی شارەوانی بەغداوە بۆ ناحیەیە (قەرە حەسەن) کەنزیکەی چەند ملیار دینارێکە، لەناو فەرمانگەی ئاوی کەرکوک هەوڵی ئەوە دەدرێ پرۆژەکە بەشێوەیەکی نیوە چڵ ئەنجام بدەن ، ئیتر بەڵێندەرێکی ناسیاوی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە دەدۆزنەوە کە (حسە)ی ئەمان لەو پرۆژەیە مسۆگەر بکات، ئەم نهێنییە ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٥ لەو کاتە ئاشکرابوو کەچەند بەڵێندەرێک چوو بوون بۆ فەرمانگەی ئاوی کەرکوک بۆ گرتنی پرۆژەکە، حاڵ گەیشتە ئەوەی کە پرۆژەکە دوابخەن بۆ کاتێکی نادیار.

* ڕۆژی ٢٦-٤-٢٠٠٧ پیاوێک چەند کەرێکی بەرەڵای کردبووە ناو سەیارەیەکی دوو تەنی و هێنابووی لەنزیک چەمچەماڵ بەرەڵایان بکات، هەندێ کەس لەو مەسەلەیە وەئاگا هاتبوون، منالیان لێ کۆکردبۆوە و بەرد بارانی پیاوەکەیان کردبوو، ئیتر ناچار بەرەو ڕێگای کەرکوک گەڕابۆوە !

* کۆمەڵێک لەبریکاری خۆراکەکانی چەمچەماڵ فێربوونە بۆ هەر نەفەری خێزانێک (٥٠٠) دینار وەردەگرن. ڕۆژی ٢٦-٤-٢٠٠٧ -وڵاتی (س.ش) لەگەڵ بریکارەکەیان کەناوی (ح.س) لەسەر ئەوە بەشەڕ دێن، بەهۆی ئەوەی پارەی زیادی لێ وەرگرتبوو. کابرای بریکار باسی ماندوونی خۆی گێڕابۆوە کە چۆن تەرازوو هەڵدەگرێ و چۆن دەستی چەور دەبێ و دەبێ بە تایت بیشوات ! ماوەیەکە هەندێ لە بریکارەکانی شاری چەمچەماڵ پارەی زیاد وەردەگرن و کەسیش قسەیان لەگەڵدا ناکات !

* لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگدا هەشت جار دزی لە دوکانەکانی ناو شاری چەمچەماڵ کراوە، بەو تۆمەتەشەوە حەفت کەس دەستگیرکراون و پەروەندەیان بۆ کراوەتەوە، بەڵام بەرپرسێکی شارەکە ئەمە بە ئاسایی دادەنێ و پێیوایە لە هەموو شارەکانی وڵاتان دزیکردن هەیەو زەحمەتیشە بەیەکجاری کۆتایی پێبێ.